# تـــــــــــــــرس

## هۆنراوەی شالاو

که مندالْ بووم
زۆرئاشقی کێوی بەفرو
هەلْۆی بەرزو مانگە شەو بووم
من گیرۆدەی
دونیای کپ وئاسمانێکی پڕ ئەستێرەو
قاسپەی کەو بووم
زۆر دەترسام کە گەورە بم
دەستی حەزم
نەگات بە عیشق وسۆزی ئەو
زۆر دەترسام کە گەورە بم
ڕامچلەکێنێ
ترس وتەنیایی نیوە شەو
زۆر دەترسام
کە گەورە بم
نەگەم بە پێکی پڕ ئەوین
لە هەڕەتی تەمەنی خۆم
دلْم پر ببێ لە برین
زۆر دەترسام
کە گەورە بم
کچێکی جوانم خۆش بوی
لە دوو چاوی خۆم زیاتر
بیپەرستم
بەلاْم ئەو ڕۆژێک نەتوانێ
بمدوێنی و بیدوێنم
تا ئەو کاتەی

لەگۆڕ دەنێم بە یەکجاری
دڵی پڕ لە تاسەو لە هەستـــــم
کە گەورەش بووم
زۆر دەترسێم
پیری ببێت بەو گەڵایەی
هەموو ڕۆژێ  هەڵبوەرێ
لە تەمەنی لقەکانم
زۆر دەترسێم کاتێ پیر بم
تەنیایی ببێت بە سێبەر
لەگەڵ خۆمدا بێت وبچێت
کەسێک نەبێ لەم دونیایە
پی بزانێ ژانەکانم
زۆر دەترسێم
کاتێ پیر بم و تەنیا بم
کەس نەمبینێ
لە گۆشەیەکی بێ کەسی
خۆم وپێکی پەشیمانی
پڕ شەرابم
بەڵام نازانم کە پیر بم
ئەوسا ئیتر
چیتر هەیە لێی بترســــــــــــم

shallaw1@hotmail.com